## پردێک لە نێوان لاوانی کوردستان و هەندەراندا!

هاوین بۆ جڤاتی ئەکادیمی وەرزێکی تایبەتە، وچانێکە پاش ئەرکی پارساڵ و ئامادەباشییە بۆ ساڵی داهاتوو. وەرە هەم وچان و هەم ئامادەباشیی ئەم هاوینەی ساڵی 2007 بۆ ماوەی چوار هەفتەی لە نێوان پووشپەڕ – خەرمانان (ژولی – ئۆگەست / تەمووز - ئاب) دا لە کوردستان بەرە سەر. دەرفەتێکە بۆ گۆڕینەوەی ئەزموون و توانا لەگەڵ نەوجەوانانی کوردستان.

وەزارەتی وەرزش و لاوان کامپی هاوینە بۆ خوێندکارانی زانکۆ و فێرگەی باڵا ساز دەکات، ئاشنای سروشتی دڵگیر و فەرهەنگی زەنگینی کوردستان بن، لە داستانی دێرینەی سەدان ساڵەی میوان بن.

ئەم کامپە بۆ خوێندکارانی تەمەن 18 - 30 ساڵی زانکۆ و خوێندنی باڵایە لە بواری وەک وەرزش، زمانی ئینگلیزی، داتاناسی (ئایتی IT)، پیشەی هەمەڕەنگ، هونەر، گۆرانی، مۆسیقا، کۆمەڵناسی، ئابووری، مێدیا و هەروەها سیاسەتناسی. بەرنامەی کاریش چڕە و سەرلەبەر بۆ ئاشنابوون و گۆڕینەوەی ئەزموونە.

ئەم کامپە لاوانی خاوەن پاشخان و خولیای هەمەجۆر لە دیداری سوودبەخشدا کۆ دەکاتەوە. لێرەدا هونەری ئافراندنی سەرچڵانە لە تەک کۆرسی هاندەرانەی پەرۆشدارانەدا، بەدەم ڕۆڵوازی و چالاکیی فرەڕەنگەوە، گەشە دەکات.

ئەزموونی داهێنەرانەی هەڵ کردن و گەشە کردن لەم کامپەدا دەبێتە هێز و پشتیوان بەرەو دۆزینەوەی چارەسەری گونجاو بۆ کێشەگەلی وەک نامۆیی و نەسەلماندنی دەوروبەر.

مەبەستی وەزارەت لەم پرۆژەیە ڕەخساندنی دەرفەتە بۆ ئەزموونێکی سەنگین و پڕ چێژ بۆ هەموو بەشداران و ئەم خاڵانەش دەگرینە ئەستۆ:

1. دارشتنی پێشنیازی بەرنامەی کار.
2. دابین کردنی ژینگەیەکی ئاسوودە و ئارام بۆ خوێندکاران.
3. دابین کردنی نشیمەن و خۆراکی ماوەی کەمپەکە. بەڵام خەرجیی سەفەری کوردستان لەسەر خوێندکار خۆیەتی، وەزارەت نایگرێتە ئەستۆ.
4. لە ماوەی کەمپەکەدا، وەزارەت هاوکاریی خویندکاران دەکات بۆ بەرنامەسازی و پیادە کردنی وردە پرۆژەی هەمەجۆری هاوبەشی لاوانی هەردوو لا.

بەشێکی بەرنامەی کارمان رووی لە تواناسازیی خانمانە. هەر بە مەبەستی تەراز کردنی یەکسانیی زایەند، وەزارەت خانمان هان دەدات بەشداری ئەم بەرنامەیە ببن.

بۆ ئەوەی خەرجیی سەردانی كوردستان نەبێتە ئەركێكی گران لەسەر شانی خوێندكاران و بۆ ئەوەی درەنگ نەكەون، وەها باشە هەر لە ئێستەوە بگەڕێن بەدوا پشتیوانیی ماددی لایەنی هەمەجۆری نێونەتەوییدا. وەزارەت ئەم ئەركە ناگرێتە ئەستۆ.

دوا رۆژی پەیوەندی 15 / ژونی (حەزیران) ی 2007.
ئادرەسی پەیوەندی: contact@mosy-krg.org
بۆ پڕكرنەوەی فۆڕمی بەشداری كلیكی لینكی خوارەوە بكەن
http://www.mosy-krg.org/htmlfragments/summercamp.asp